# دیوانی سامی شۆڕش

هەولێر ـ ٢٠٢٣

# دیوانی سامی شۆڕش

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **دیوانی سامی شۆڕش**
- **نەخشەسازیی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**
- **بەرگ: هۆگر سدیق**
- **پیتچن: قەهار شێخانی**
- **هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل**
- **نرخ: (١٠٠٠) هەزار دینار**
- **چاپی یەکەم ٢٠٢٣**
- **تیراژ: (٥٠٠) دانە**
- **چاپخانە: چاپخانەی هێڤی - هەولێر**
- **له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (467) ساڵی (2012)ی پێ دراوە.** ﻓ



**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

**زنجیرەی کتێب (1089)**

## ناوەرۆك


- سیما گشتییەکانی تاقیکردنەوەی شیعری ........................ ٧
- بووکی ئاو ........................................................ ٣٤
- وام ئەوێ ........................................................ ٣٧
- سەوڵی حەوت دەریا ............................................. ٣٩
- باوەشم دە ........................................................ ٤٠
- سێ بڕگە: خەمی یاخیبوو......................................... ٤١
- ڕاکردن بەرەو هەتاوە سوورەکە .................................. ٤٤
- سروود ............................................................. ٤٥
- لە پێناوتا ........................................................ ٤٧
- لەدایکبوونی هۆنراوە ............................................ ٥٠
- دوو پارچە هۆنراوە .............................................. ٥٣
- دەنگی خوێن ...................................................... ٥٥
- چەند وانەیەکی سوور ............................................ ٥٨
- زامێکی بێدار لە سێبەری چەقۆدا ................................ ٦٢
- شۆڕە سوارێکی عاشق............................................ ٦٤

- له پەراوێزەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە ................................ ٦٦
- بەشێکی تر له پەراوێزەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی .................... ٦٨
- چەند نامەیەکی نەناردراو ............................................................ ٧١
- مەم لەسەر مەزاری زیندا ............................................................ ٧٦
- کە فەرهاد ئەدوێ .......................................................................... ٧٨
- سووتانی خوێنێکی گەڕۆک ............................................................ ٧٩
- له دەفتەری عاشقێکی هەتاوەوە ...................................................... ٨١
- دەست ............................................................................................. ٨٣
- تۆ ئەو خاکەی منی جۆگە ئەخۆیتەوە و تێرت ئەکەم ................ ٨٤
- هەڵسانەوە .................................................................................... ٨٨
- مەرەکەبی هۆنراوە
........................................................................ ٩٠ _
ڕۆشنایی.............................................................................. ٩١

# سیما گشتییەکانی تاقیکردنەوەی شیعری

لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیعر جێگایەکی ڕۆحی و سایکۆلۆژی ڕۆشنبیری و تایبەت و دیاری هەبووە. لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو بایەخە زۆر گەورەتر دەهاتە پێش چاو. بگرە ناواخنی بایەخی شیعر بەتایبەتی و ئەدەب و هونەر بەگشتی، لەو سەردەم و قۆناغەدا لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی تر زیاتری کردبوو، هۆی سەرەکیش لەم بوارەدا ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە بوو، کە لە نێوان شیعر و ئەدەب لەلایەک و سیاسەت و ئیلتزامی سیاسی لەلایەکی ترەوە دروست بووبوو.

ئەوەی ڕاستی بێت، نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مەودایەکی زەمەنیی گەلێک چڕوپڕ و ئاڵۆزکاو بوو، ئاڵۆزکاوییەکەش وا نەبێت هەر لە کوردستان و لە عێراق بووبێت، بگرە لەتەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا

بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکە زۆر ئاڵۆز و جەنجاڵ بوو.

لەلایەکەوە بیروباوەڕی چەپگەری و لرفەی ئاگری گیڤارا و بانگە فەلاحییەکەی ماوتسی تۆنگ هەر چوار سووچی جیهانی هێنابووە لەرزین. لەلایەکی ترەوە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا زادێکی ڕۆحی و فیکریی دەوڵەمەندی بۆ لاوان و قوتابیانی جیهان، بەتایبەتی جیهانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ڕەخساندبوو، لەلایەکی تریشەوە سروودی شۆڕشی لادێ و نرکەی جووتیارەکانی برنج لە لاوس و کەمبۆدیای ئەوسا، ئینجا تاڵە مووەکانی ڕیشی هۆشی منەی ڤێتنام، نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بگرە ناو خودی ئەمەریکا و جادەکانی ئەورووپاشی خستبووە ناو گێژاوی تووڕەیی و هەڵچوونەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەلومەرجەکە قورستر بوو، بەتایبەتی ناوچەکە خۆی زێدی تێکقڕژانێکی کۆنینەی ئاینی و شارستانی بوو، سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک ڕێژیمی گەندەڵ لە ناوچەکەدا تا دەهات زۆرتر بەنزینیان بەسەر ئاگری ناو دڵ و دەروونی میللەتەکانی خۆیان دەڕشت. ناکۆکی و دیاردەکانی شەڕی سارد تا دەهات زۆرتر تەنگی بەخەڵکەکە

هەڵـدەچنی و نـاوچەکەی بەرەو قـووڵایی تـوونێلێکی تاریک دەبرد. لەو نێوانەشـدا نوشوسـتییەکەی عەرەب لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا، دنەی بەدەماری ڕاپەڕین دەدا، نەک تەنیا لەناو عەرەبدا، بگرە لەنـاو تەواوی گەلانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو نێوانەش داتەپینی پێنجی حـــــوزەیران و هەڵســــــتانەوە و بەرگریکردنـــــــی فەڵەســـــــــــتینییەکان لە دوای ئەو داتەپیـــــــــــنە، ئیزدیواجییەتێـک، یـان دووفـاقیبەکی پـڕ گرێکـوێرەی لەنــاو دڵ و مێشــکی لاوانــدا دروســت کردبــوو، لەو بەرامبەرەدا حاڵی عێراق باشتر نەبوو لە پانتاییەکانی تر. بگرە ڕەنگدانەوەکان لێرەدا زۆر زەقتر و قورسـتر دەهــــاتنە پـــێش چـــاو، چـــونکە عێـــراق دەوڵەت و کۆمەڵگــــایەک بــــوو هەر لە ســــــەرەتاوە لە ڕووی مۆزائێکی ئەتنیکی و یاسایی و دەستوورییەوە لەسەر بنـاغەیەکی نادروسـت دامەزرابـوو، مەعلوومیشـە هەر دەوڵەت و کۆمەڵگـایەک لەسـەر بنـاغەی ناتەبـایی لەو بابەتە ڕاست بووبێتەوە، ئەوا زۆر زوو دەکەوێتە ژێر ڕکێفـی زەبـر و پاڵەپەسـتۆی هۆکـارە کـۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان.

یەک لە ڕەنگــدانەوەکانی ئەو بــارودۆخە لەنـــاو عێـراق، قڵیشـانی حزبـی شـیوعی بـوو، لە ئەیلـوولی ١٩٦٧دا، کاتێـک حـزبەکە لەنێـوان بـاڵێکی ڕاسـتڕۆی

سەر بە بلۆکی سۆڤیەت و باڵێکی چەپڕۆی سەر بە ڕێبازی ماوتسی تۆنگی چین و فیدل کاسترۆی کووبا و چی گیڤارای ئەرژەنتین دابەش بوو. لەولای ترەوە، لەزۆنگاوەکانی خوارووی، بەتایبەتی لە ناوچەی (ئاڵ ئیزێرچ) و دەوروبەری ناسریە و عیمارە، ڕاپەڕینێکی چەکداری دەستی پێکردبوو، لەژێر سەرکردایەتی لاوێکی عێراقی کۆمۆنیستی دۆستی (برتراند ڕاسڵ)ی ئینگلیز، کە ناوی (خالید ئەحمەد زەکی) بوو، ئەوەی نەوتێکی زۆرتری ڕشتە سەر بارودۆخە خراپ و ئاڵۆزەکەی ناو عێراق، هاتنە سەر حوکمی ڕێژیمی بەعس بوو لە کوودەتای تەمموزی ساڵی ١٩٦٨دا.

هەر لە بواری بازنەی ڕۆشنبیریدا لە عێراق، بزووتنەوەیەکی تازەگەری دەستی پێکردبوو. شیعر ئاسانترین و جوانترین و کاریگەرترین شێوازی دەربڕین بوو، بۆیە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان زۆر بەپەلە لە جیهانی شیعردا ڕەنگیان دەدایەوە. کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری نوێخوازی عێراقی، لە پێشەوەیاندا: فازڵ عەزاوی، سامی مەهدی، خالید عەلی مستەفا، فەوزی کەریم. لەو ساڵانەدا بەیاننامەیەکی شیعریان بڵاوکردەوە، کە تیایدا بانگیان بۆ تازەکردنەوەی فۆرم و ناوەرۆکی شیعر و ئەدەبیات هەڵدەدا. ئەو کاتە بارودۆخی کوردستانیش بە قۆناغێکی

ناسـکدا تێـدەپەڕی. شۆڕشـێکی چەکـدار لە چیاکـانی کوردسـتاندا بە سـەرۆکایەتیی ڕێـبەری نەمـر مسـتەفا بـارزانی هیـوایەکی گەشـاوەی خسـتبووە نـاو دڵ و دەروونی کوردەوە، بەڵام لەولای ترەوە ڕێچکەی وایش لەناو سیاسەتی کورددا سەری هەڵدابوو، کە لەگەڵ ئەو هیـوا و گەشـانەوەیە ناتەبـا بـوو، ئەگەرچـی هەوڵەکـان زۆرجـار لەژێـر دروشـمی بـریقەدار و چەپگەرێتـیش بەڕێوە دەچوون.

جـگە لەو حـاڵە نـاجۆرە، لە نیـوەی دووەمـی شەسـتەکاندا کوردسـتان بەقۆنـاغێکی بەرچـاوی بڵاوبـوونەوەی خوێندەواریشـدا تێـدەپەڕی. هـۆی ئەوەیش زیادکردنی ڕادەی هۆشی نەتەوەیی و نسکۆ سیاسییەکەی حوزەیرانی عەرەب و دەرچوونی چەند ڕۆژنـامەیەکی عەرەبـی و کـوردی بـوو، ڕۆژنـامەی (تەئاخی) و (برایەتی) لە لایەک و لاپەڕە کوردییەکەی ڕۆژنـامەی (ئەخبـار)، کە مـحەمەد تۆفیـق وردی بەڕێـوەی دەبـرد، ئینجـا چاپخـانەکەی: مـام گیـوی موکریـانی و چیرۆکەکـانی: مـحەمەد مەولـوود مەم، دەور و جێ پەنجەی مامۆستایان: عیزەدین فەیزی و جەودەت ئەحمەد ناجی و دکتۆر مارف خەزنەدار، کە تازە لە یەکێتی سۆڤیەت هاتبووەوە، ڕۆڵێکی گرینگیان لەبواری گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا لە شاری

هەولێر دەگێڕا. لەولاوە هەندێک ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کتێبــی شــاری ســلێمانی بــایەخێکی زۆریــان لەم بوارەدا هەبوو. بگرە سلێمانی لەو کات و زەمانەدا بووبووە مەڵبەندی بووژاندنەوەی زمان و کلتوور و ئەدەبیاتی کوردی، هەروەها کەرکووکیش، کە تا ئەو کات هێشتا لەژێر پاڵەپەستۆی بەعس نەخنکێنرابوو، دەورێکــی هەبــوو لە ڕەوتــی تــازەگەرێتیی شــیعر و ئەدەبیاتــدا. لەم نێــوانەدا: لەتیــف حامیــد بەرزنجــی و لەتیف هەڵمەت و ئەحمەد شاکەلی و فەرهاد شاکەلی و سەلام محەمەد، جێ پەنجەیان دیاربوو.

بەهەرحــاڵ، ئەو هەمــوو گۆڕانکــارییە سیاســی و ڕۆشنبیرییانە، کە سەرتاسەری جیهانیان گرتبووەوە، زەوینەیەکی لەباریان بۆ چەند گۆڕانکارییەکی تازەتر دروست کردبوو:

**یەکەم:** بەهێزبوون و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێــوان ڕۆشــنبیری و بــزووتنەوەی کــۆمەڵایەتی و سیاسەت و حزبایەتی.

**دووەم:** هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێی چەکدار بە بیرێکی تازە و دیدێکی تازە بۆ جیهان و ژیان و مێژوو.

**ســێیەم:** پەیوەندییــە ئاڵۆزەکــانی نێــوان تــاک و کۆمەڵ، تاک و تاک، کۆمەڵ و کۆمەڵ، ئەمەش لەیەک

کاتدا جۆرە ناتەباییەکی بەرچاوی هێنابووە پێشەوە لەگەڵ گۆڕانی یەکەم.
ئەو هەمــوو حــاڵە پــێکەوە گرێــدرابوون. کاریــان لەیەکتــری دەکــرد. بگــرە کــارێکی گەورەتریشــیان لە خەڵک و لە کەرتە ڕۆشنبیری و لاوەکەی ناو خەڵکی دەکـــرد، هەروەهـــا کـــارێکی زۆر زەقتریشـــیان لە بـــزووتنەوەی ڕۆشـــنبیری و لە زەوق و خەیـــاڵ و ئەدەب و هونەریش دەکرد.

* * *

لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، تـازە گەنـج بـووم. سـاڵی ١٩٦٧. تەمەنـم حەڤدە سـاڵ بـــوو، ڕووداوە گەورەکـــان و گـــۆڕانە بە پەلەکـــان بەشێکی زۆری گەنجانی وەک منیان، بە تایبەتی لەناو قوتابیـان و خوێندەوارانـدا بەرەو دنیـای پەرۆشـی و بەدواکەوتن و خوێندنەوە و پرسیار و وەڵام دەبرد.
لەو سـەردەمە جەنجـاڵ و پڕ شۆڕشـەدا خوێنـدنی ئامـادەییم لە هەولێـر تەواو کـرد، دواتـریش لەکۆتـایی شەســـتەکاندا چـــوومە زانکـــۆی مووســـڵ و لەوێ دەسـتمدایە خوێنـدنی ژمێریـاری، بـابەتی خوێنـدنەکەم جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ خولیا و ئارەزووم هەبوو،

بۆیە لە تەک خوێندن بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و شیعر بووم.

پێشتر لە هەولێر هاوڕێیەتیم لەگەڵ: سەعدوڵڵا پەرۆش و عەبدوڵڵا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و عەبدوڵڵا حەداد و عەبدولخالق سەرسام پەیدا کردبوو، مامۆستا کەمال غەمبار، لە پۆلدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەهاندانم بەرەو خوێندنەوە و ئەدەب و نووسینی شیعر، ئێستاش لە بیرمە ناوە ناوە پێنجخشتەکی شیعرێکی (ئەخۆل)ی بۆ دەخوێندمەوە، کە لە دێڕێکدا دەڵێت: (شەهیدم کفنەکەم ئاڵە.)

زۆر لە شاعیران و نووسەران، لە تەمەنی منداڵییەوە گوێیان بەحیکایەتی کوردی و لایلایەی کوردی و قسەی ڕەسەنی ئەو زمانە پاراوە دەزرینگایەوە، من وا نەبووم، من زۆرتر بەزمانی تورکمانی، کە لەو سەردەمەدا زمانە ناوەخۆییەکەی هەولێر بوو، فێری دواندنی ژیان بووم، لە تەمەنی شەش حەوت ساڵییەوە وردە وردە فێری زمانی کوردی بووم، چەند ساڵێک باوکم مامۆستا بوو لە گوندی بەحرکە، بەخاووخێزانەوە لەو گوندە دێرینە ماینەوە، ئەوسا تەمەنم شەش ساڵان بوو، هەر لەوێش چوومە بەرخوێندن و فێری زمانی کوردی بووم.

دواتــر ئەوەی زۆرتــر ئاشــنای کــردم بەزمــانی شیرینی کوردی، کتێبخانە و چاپخانەکەی: مام گیوی موکریـــانی و شـــیعرەکانی: پیربـــاڵ مەحمـــوود و کلێـــتەکەی: مەحمـــوود زامـــدار بـــوو، هەروەهـــا قوتابخـــانەش ڕۆڵێکـــی گرینگـــی هەبـــوو، بەتـــایبەتی هەنـدێک لە مامۆسـتاکان مەبەسـتیان بـوو لە شـاری هەولێـــردا گەشـــە بەزمـــانی کـــوردی بـــدەن و قوتابییەکانیان نەک فێری زانستی، بگرە فێری زمانی کوردیش بکەن، ئەوی ڕاستی بێت باوکیشم، یەک لە مامۆستا کۆنەکانی شاری هەولێر بوو، کوردییەکی باشی دەزانی و زۆرجار لە قوتابخانەدا وانەی زمانی کوردی دەگوتەوە. لەوەش بەولاتر خولیایەکی زۆری هەبـوو لە بـواری هـونەری نواندنـدا و بەیەکێـک لە دامەزرێنەران و گەشەپێدانی هونەری شانۆ لە شاری هەولێر دەژمێردرا.

لێــرەوە دەســتمدایە فێربــوونی کــوردی، زمــانی کــوردی بـۆ مـن لەو سـەردەمەدا زمـانی دەربڕینـی ڕۆژانە بـــوو، زمـــانی پەیوەنـــدیکردن بـــوو لەگـــەڵ دەوروپشت، دواتر بوو بە کەرەستەی خستنە سـەر کـــاغەزی ئەو هەمـــوو جەنجـــاڵی و نـــاکۆکی و دڵەڕاوکێـیەی، کە لەنـاخی تـازە لاوێکـی وەک منـدا پەنگی دەخواردەوە و بۆ سەرچاوەیەک دەگەڕا لێی

بتەقێتەوە. بۆیە کاتێک، ساڵی ١٩٦٨ چوومە مووسڵ. بـوارێکی چـاکترم بـۆ خولْقـا تیایـدا بیـر لە نووسـینی شـــیعر بـــکەمەوە، لەویْ یەکەم کـــۆمەڵە شـــیعری چاپکراوی کوردیم خوێندەوە، هی شاعیری پایە بەرز (محەمـەد سـاڵح دیـلان) بـوو، لەوێـوە هەمـوو مانگێک دەگەڕامەوە هەولێر و کتێب و دیوانە شیعری شاعیرە کــۆن و تازەکــانم دەکــڕی، ســـەرباری کتێبەکــانی: ســـەلامە مووســـا و نەجیـــب مەحفـــووز و لـــوتفی ئەلمەنفەلـوتی، ئەم کتێبـانەم لە هەولێـر دەکـڕی و لەگەڵ خـۆم دەمبـردنەوە مووسـڵ و لەویْ خەریکـی خوێندنەوە و لێوە فێربوونیـان دەبـووم. بەڕاسـتی ئەو ساڵەی مووسـڵ بـۆ مـن، سـاڵی فێربـوونی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بوو.

پێش ئەوەی دەست بدەمە شیعر نووسین بەزمـانی کـوردی، هەر لە قۆنـاغی خوێنـدنی ئامـادەییەوە لە هەولێـر دەسـتم دابـووە فێربـوونی زمـانی عەرەبـی ئەوەی زۆرتـــریش یـــارمەتی دەدام لەم بـــوارەدا، عەبـدوڵلا حەداد و عەبـدولهادی قەسـاب بـوون، کە قوتـابی بـوون لەگەڵ خـۆم لە ئامـادەیی هەولێـر. هەر لەو سەردەمەشـدا پـارچە نووسـینێکی بچـووکم وەک (خـاطرة) لە گۆڤـارێکی عەرەبـی عێراقیدا بڵاوکـردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ من تەنیا

فێربــوونی زمــانە ئەدەبیــیەکە بــوو، نەک زمــانی قسەکردن و ئاخاوتن، بگرە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت کاتێک بمەوێ بەزمانی عەرەبی قسە بکەم، دەیان هەڵەی زەق دەکەم.

ســاڵ تەواو نەبــوو، هێنــدە خولیــای ئەدەبیــات و شیعری کوردی بووم، کە ئیتر کەوتمە حەزی ئەوەی دەست لە خوێندنی ژمێریاری لە مووسڵ هەڵبگرم و بچمە کۆلێژی ئەدەبیات - بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا. شیعر ئەو کاتە بووبووە ڕووگەنمای ژیانی داهاتووم، چونکە تێکەڵاوی بیر و هۆشی سیاسی و رۆشنبیریم بووبوو. شیعر لە تاقیکردنەوەی ئەو چەند ســاڵەمدا تەنیــا وشــە ڕیزکــردن نەبــوو، تەنیــا ڕووکەشــێکی جــوانی و زمــانەوانی نەبــوو، بگــرە دەرگایەکی سەرەکی بوو لەو قەڵاتەی ناومان نابوو (قەڵاتی تێکۆشان). بۆیە کلیلی ئەو دەرگایە لەکوێ بووایە، ئێمەی نەوەی ئەو سەردەمە، بەبێ ترس و ڕاڕایــی بــۆی دەچــووین. لەو کــات و زەمــان و سەردەمەدا ئەو کلیلە بۆ من لە شیعر و ئینجا لە فێربوونی زمانی کوردی، دواتریش لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا بوو. لێرەوە، بەبێ هیچ سێ و دووکردنێک دەستم لە خوێندنی ژمێریاری لە مووسڵ هەڵگرت و ڕووم لە بەغدا کرد: ئەو بەغدایەی لەو

کاتەدا بیری تازە و جۆشی گەرم و لانەی نوێخوازی بوو.

پەیوەندیم لەگەڵ بزووتنەوەی شیعر لە هەولێر نەپچڕیبوو. بگرە ئەو پەیوەندییە لە جاران گەرمتریش بووبوو. سەعدوڵلا پەرۆش نزیکترین برادەر و هاوڕێی ئەو ڕۆژانەم بوو، عەبدوڵلا پەشێو، ئەگەرچی هەندێک جیاوازیشمان هەبوو لە ڕووی فیکر و لێکدانەوەی سیاسی، هێشتا هەر زۆر نزیک بوو لە من و سەعدوڵلا. لەگەڵ پیرباڵ مەحموود و مەحموود زامدار دۆستایەتیم پەیدا کردبوو، بگرە دەمارە هەولێرییەکە دۆستایەتییەکەی لە نێوانماندا گەرمتر کردبوو.

بەغدا و ژیانە ڕۆشنبیری و سیاسییەکەی ئەو شارە بۆ هەولێرییەکی وەک من، لە مووسڵ دوورتری نەدیبێت، کۆتایی دنیا بوو. بۆیە وەک کلیلی بەهەشتم دۆزیبێتەوە دڵم خۆش بوو بەو شارە. گەرموگوڕ بووم لە چوونە ناو جیهانەکەی. لە ئاشنابوونی بازنە ڕۆشنبیرییەکەی، ئەگەرچی ئەو بازنەیە زۆرتر نووسەر و داهێنەرە کوردە نیشتەجێکانی پایتەختی دەگرتەوە.

لە ساڵی یەکەمی ژیانم لە بەغدا، کە سەرەتای تاقیکردنەوەی شیعریم بوو، دۆستایەتیم لەگەڵ

حوسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و کەمال ڕەووف و شێرکۆ بێکەس پەیدا کرد. لە زانکۆشدا داستانی مەم و زین و گەنجینەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەرگایەکی تازەیان لەبەردەممدا کردەوە.

یەکەم پارچە شیعرم لە ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردەوە، لە نووسیندا حەزم بەو هەوا شیعرییە تازەیە دەکرد، کە جەلالی میرزا کەریم و شێرکۆ بێکەس شیعریان پێ دەنووسی، هەستم دەکرد ئەو ناوەرۆکە گەرموگوڕەی لە دڵ و دەروونمدا دەپەنگێتەوە پێویستی بەشێوازێکی تازە و ئاسان هەیە. بۆیە وەک هەندێک شاعیری تازە پێگەیشتووی ئەوسا، ڕووم لە زمانی تەمومژاوی نەدەکرد. ڕێزم لە کلتووری کلاسیکی کوردی دەگرت و بەچاوی فێربوون دەمخوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لە تازەگەرێتی بوو، چەند مانگێکی نەبرد هەر لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، دامەزرام، بازنەی برادەرایەتیم فراوانتر بوو، سەڵاح شوانم ناسی، کە لە زانکۆ ساڵێک لە پێش من بوو، محەمەد زادەم ناسی، ئەویش لە بەشی کوردی ساڵێک لەپێش من بوو، بورهان قانیع و سەڵاح عەقراوی و سەربەست بامەڕنی، بورهان کە کوڕی شاعیری گەورەی کورد قانیع بوو، کانگایەکی ئێجگار

دەوڵەمەندی قسەی نەستەق و پەند و سەرگوزشتەی کوردی و زمانی ڕەوان بوو، دووەمیان دەرگای بادینانی لە ڕوومدا کردەوە، سێیەمیشیان، لەو سەردەمەدا سەرنووسیاری هاوکاری بوو، لەتەک جەلالی میرزا کەریم فێری وردەکارییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییان کردم. تایەر ساڵح سەعید و ڕەووف بێگەرد و مستەفا ساڵح کەریم، هەروەها لەو سالانەدا ئەحمەد تاقانە و تەڵعەت سامان، هەریەکەیان بەشێوەیەک سەرچاوەی دەوڵەمەندی بوون بۆ تاقیکردنەوەکەم کە ئەوسا لە سەرەتادا بوو، لە هەر یەکەیانەوە شتێک فێربووم. لەوەش بەولاتر، لەناو زانکۆدا، مامۆستاکانم: دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و دکتۆر ئیحسان فوئاد، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوون و چاوبڕینە دواڕۆژ بوون بۆ من. بۆیە زۆری نەبرد لەو (هاوکاری)یەی، کە ساڵێک پێشتر وەک خوێنەرێکی گورجوگۆڵ چاوەڕێی ڕۆژی دەرچوونیم دەکرد، بووم بەلێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب و ژیان، پاش ئەوەی جەلالی میرزا کەریم بوو بە بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکە.

لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنم لە هاوکاریدا، زۆربەی شیعرەکانی خۆم نووسی، ڕاستە ئەو هەموو

شیعرانە ڕەنگە لە بیست پارچە شیعر زیاتر نەبووبن، بەڵام دیـــاربوو جێگـــایەکی باشـــیان بـــۆ خۆیـــان کردبووەوە لە کتێبخانەی شیعری نوێی کوردیدا. لەو ســـەردەمەدا یەک لە عەیبەکـــانم ئەوە بـــوو بـــایەخم بەکۆکردنەوە و پاراستنیان نەدەدا.

* * *

سالی یەکەمم بوو لە بەغدا، کاتێک ڕێککەوتننامەی یـــازدەی ئـــادار بڵاوکـــرایەوە. ئەو ڕێککەوتننـــامەیە کەشـــوهەوایەکی پـــڕ ئـــازادی لەبەردەم نووســـین و ڕۆژنامەنووســـی کـــوردی واڵا کـــرد. ڕۆژنـــامەی هاوکـاری قـازانجێکی گەلێـک گەورەی لەم بـارودۆخە کرد.

هەر لەو ســـاڵەدا، دەســـتەیەک لە ئەدیبـانی کـورد بەیاننامەی (ڕوانگە)یان بڵاوکردەوە. ڕۆڵی کاریگەر و گەورە، بگـــرە ســـــەرەکییەکەی ئەو بەیاننـــامەیە و تەواوی بزووتنەوەکە هی (حوسێن عارف) بوو، بەڵام وەک پێشـتریش باسـم کـرد دیـاربوو زەرووڕەتێکـی ڕۆشـــنبیری و کـــۆمەڵایەتی لە ئـــارادا بـــوو بـــۆ بزووتنەوەیەکـــــی لەم بـــــابەتە، بەتـــــایبەتی دوای

گۆڕانکـــارییە سیاســـی و ئـــابووری و فیکـــرییە گەورەکانی ئەو سەردەمە.

حوسێن عارف ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد بوو. تاقیکردنەوەیەکی گرینگ و بەربڵاوی سیاسی لە کۆڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ماوەیەکی درێژ لەناو حزبی شیوعی عێراقیدا کاری کردبوو. دواتر لەگەڵ باڵی عەزیز حاج (القیادة المرکزیة) درێژەی بەخەباتی سیاسی خۆی دابوو، بەڵام ئەستەمی کاری حزبی و گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە حوسێنیان گەیاندبووە قەناعەتی ئەوەی، کە دەست لەکاری حزبایەتی بکێشێتەوە و خۆی بۆ چیرۆک نووسین تەرخان بکات.

من لەو چەند مانگ و ساڵە سەختەدا حوسێنم ناسی و بووین بە دوو برادەری زۆر نزیک، ئەگەرچی ئەو بەتەمەن لە من گەورەتربوو. لە ساڵانی دواتریش حوسێن هەر برایەکی گەورە بوو بۆ من. چ لە بواری ئەدەب و نووسیندا، چ لە بواری شەخسیدا. ئەوەی ڕاستی بێت تاقیکردنەوەی برادەرایەتی حوسێن بۆی ڕوون کردمەوە، کە ناسیاری و پەیوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی خاوەن تاقیکردنەوەی ئەدەبی کامڵ، مەرجێکی گرینگی

بەرەوپێش چوون و پەرەسەندنی تاقیکردنەوەی خەڵکانی لاو و تازە پێگەیشتووە.

لە ڕێگای حوسێن عارفەوە تێکەڵاوی جیهانی شیعر و ئەدەبیاتی ڕوانگە بووم، ئەوسا بەهۆی سیاسەت، فوئاد قەرەداغی و نەوشیروان مستەفا و فازڵی مەلا مەحموودم دەناسی، بەڵام چونکە من لە دیدی ڕوانگەوە سەیری جیهانم دەکرد، جۆرە ناتەباییەک لە ئارادا بوو، بگرە کار و چالاکییە حزبی و سیاسییەکانی ئەوانم بەدڵ نەبوو. ئەوسا لەگەڵ ڕێکخراوی (کۆمەڵە) کەوتمە کار، بەڵام کۆمەڵە ڕێکخراوێکی گۆشەگیر و ئایدۆلۆژی تەسک و داخراو بوو، بۆیە یەکێکی وەک من، کە هۆگری جیهانە کراوەکەی ڕوانگە بوو، زەحمەت ئیدارەی لەناو دەکرد. دوای یەک هەفتە لەو ڕێکخراوە دابڕام ، دواتر قەرەداغی و فازڵیش لێیان دابڕان.

پەیوەندییەکانی من لەگەڵ ڕوانگە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ڕێکخراوی کومەڵە بەچاوی نارەحەتییەوە سەیری چالاکییە شیعری و ئەدەبییەکانی من بکات، بەتایبەتی نەوشیروان مستەفا و ئەوان وایان لێک دەدایەوە، کە ڕوانگە سەرچاوەی بیروباوەڕی لیبراڵ و بۆرژووایە و جۆرە مونافەسەیەکیش بۆ ئەوان دروست دەکات. من

ئەوسا زۆرتر مارکسی - لینینی بووم. بۆیە ئەوانەی کـۆمەڵە زۆرتـر تیـر و توانجیـان لە مـن دەگـرت و گاڵتەیان بە شیعرەکانی من دەکرد.

ڕوانـگە بانگهەڵـدێری نوێخـوازی بـوو لە فـۆرم و نـاوەرۆکی ئەدەب و هـونەردا. بانگهەڵـدێری وازهێنـان بـوو لە دەق و دابـونەریتی کلاسـیک. بەڵام لە هەمـان کاتــدا دیــدێکی سیاســی هەبــوو، کە ئەوانەی دژ بە روانگە بوون لەناو کۆمەڵەدا هەستیان پێدەکرد و لێی دەپرینگانەوە.

ئەم نــاکۆکییە، لەو ســەردەمەدا، خــۆی لەســـەر لاپەڕەی ڕۆژنــــامەی هاوکاریــــدا دەنوانـــــد. ئەگەر بگەڕێینەوە ئەو ساڵانە، دەیان وتاری درێژ و پڕ توند و تیــژی دەبینــین، کە بە قەڵەمــی: برایــان: فوئـــاد قەرەداغــی و نەوشــێروان مســتەفا و فوئــاد مەجیـد میسـری لە دژی ڕوانـگە نووسـراون، ڕاسـتە زۆربەی وتارەکـان لە دووتـوێی ئەدەب و ڕەخـنەی ئەدەبیـدان، بەڵام لە کرۆکـدا زۆربەیـان بـۆنی ڕقێکـی سیاسـیی زەقیان لێ دێت.

ڕەنگە لێرەدا جێگای خۆی بێت، وەک ئەمانەتێکی مێژوویی پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەم و بڵێم برادەرانی پارتی ئەوسا هەستیان بە تخووبەکانی ئەو ناکۆکییە ژێرەکییەی نێوان (ڕوانگە) و (کۆمەڵە) نەدەکرد. ڕەنگە

فەرەنسۆ حەریری تاکە کەس بوو بێت لەناو پارتیدا هەستی بەم مەسەلەیە کردبێت، بەڵام ئەویش هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا بۆ دەستوەردانە ناو ئەو کێشەیەی کە ئەوسا زۆر بەزەقی لەناو بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵدابوو.

دواتر کاتێک لەژێر پاڵەپەستۆی هەلومەرجە سیاسییەکەی کوردستان بزووتنەوەی ڕوانگە کەوتە ڕاوەستان و پاشەکشەکردن و وەستان، من و چەند برادەرێکی هەواخوازی ڕوانگە ڕوومان لە حزبی شیوعی - قیادەی مەرکەزی کرد. ئەو هەڵکشانەمان بەرەو قیادەی مەرکەزی دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو، کە ئێمە کۆمەڵە نەبووین و بگرە نێوانیشمان ناخۆش بوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نهێنییە داخراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەپی مارکسی بووین و بۆ قەوارەیەک دەگەڕاین خۆمانی تێدا بدۆزینەوە، بۆیە پێمان باشتر بوو ببین بەقیادەی مەرکەزی لەوەی بەڕووتوقووتی، بێ هێز و توانا لە بەردەم ئەوانەی کۆمەڵەدا بمێنینەوە.

* * *

ئێستاش لە بیرمە، ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و حزبی شیوعیی سەر بە سۆڤیەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ گەیشتبووە ئاستێکی قووڵ، ڕۆژنامەی برایەتی

لەو سەردەمەدا شیعری: (تۆ ئەو خاکەی منی جۆگە ئەخـۆیتەوە و تیـرت ئەکەم)ی منـی بـڵاو کـردەوە، ئەوسا یادی چل ساڵەی حزبی شیوعی بوو، بەڵام من لەڕیزی قیادەی مەرکەزیدا بووم، بۆیە لەو ناکۆکییەدا خۆم بە هاوپەیمانی پارتی دەزانی، ئەوی ڕاستی بێت شیعر و کاری ئەدەبی لای من لەو ساڵانەدا کاری حزبی و ئایدۆلۆژی بوون، من خۆم بووبووم بەکادیرێکی قیادەی مەرکەزی. لە نێوان بەغدا و سلێمانی و هەولێر و بەسرە خەریکی کاغەز هێنان و بردن و کۆبوونەوە و پەیوەندیکاری بووم. لەلایەک قوتابی زانکۆ بووم. لەلایەکی تر کادیری قیادەی مەرکەزی بووم. لەلای تریشەوە ڕۆژنامەنووس و شاعیر بووم، لەبیرمە سبەینان دەچووم بۆ زانکۆ، پاش نیوەڕۆیان دەچوومە ڕۆژنامەی هاوکاری، ئێواران بەیاننامەی قیادەی مەرکەزیم بەسەر سەفارەتخانە و ڕێکخراوەکان و ڕێکخستنەکانی حزب لە بەغدا دابەش دەکرد و کۆبوونەوەم دەکرد، شەوانیش خەریکی شیعر و نووسین و خواردنەوە و موناقەشەی ڕوانگە و ڕوانگەخوازی بووم. مەعلوومیشە لەو ساڵانەدا قیادەی مەرکەزی ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو بوو، دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم هەمیشە بەدوایەوە بوون بۆ

گـرتن و ئیعـدامکردنی ئەنـدامانی. عێـراق بەگشـتی و کورد بەتـایبەتی تـا دەهـات وەزعیـان خراپتـر دەبـوو، لەژێر پاڵەپەستۆی بەعسدا. خەڵکانی وەک من زۆرتـر چاویان لە شاخ بوو، چاویان لە سەنگەری پێشمەرگە بوو. زۆرتـر بەرەو ئەو قەنـاعەتە دەچـوون، نە شـیعر، نە ڕۆژنامەنووسی دادی ڕووبەڕووبـوونەوەی بەعـس نـادەن، بەڵکـو دەبێـت لەم پێنـاوەدا سـەنگەر و چەکـی کـاریگەرتر بەکـار بهێنرێت. لێرەوە، تـا دەهـات گیـانی حزبـــایەتی و سیاســـەت بەســـەر تـــاقیکردنەوەی شـیعریمدا زاڵ دەبـوو، تـا دەهـات خـۆم لە جیهـانی بەربـڵاوی شـیعر و ئەدەبیـات و هـونەری جـوانی دەگواستەوە جیهانی ئایدۆلۆژیا و تـاکبینی، تـا دەهـات ناخ و دەروونم جێگایان بە وێنەی تەڕ و خەونـی ئـاڵ و هەناسـەی شـیعر چـۆڵ دەکـرد و مەودایـان بـۆ دەماری نـاکۆکی و گرێی سیاسەت خۆش دەکرد. لە مـاوەی چـوار سـاڵی خوێنـدنم لە زانکـۆ، کە مـاوەی کارکردنیشـم بـوو لە بـواری شـیعر و ڕۆژنـامەوانی کـوردی، جـگە لە قەڵەمەکـانی بـواری ڕوانـگە، لەگەڵ چەندین شاعیر و نووسەری تریش دۆستایەتیم بەهێز بـوو، دۆسـتایەتیم لەگەڵ: لەتیـف هەڵـمەت و فەرهـاد شـاکەلی و ئەحـمەد شـاکەلی و ئەنـوەر قـادر مـحەمەد لەو دۆسـتایەتییانەن، کە هەرگیزاوهەرگیـز لە یادیـان

نــاکەم. تــاقیکردنەوەی ئەو بــرادەرە خۆشەویســتانە هەمیشــە ئەوەیــان فێــر دەکــردم، کە جیهــان زۆر لە هەولێــر و ســلێمانی، بگــرە لە بەغــداش گەورەتــرە. دواتریش ناسینی حەمەفەریق حەسەن و حەمەسەعید حەســەن و ڕەووف حەســەن لە ســلێمانی و کەریــم دەشـتی و ئیسـماعیل بەرزنجـی و نەوزاد ڕەفـعەت لە هەولێـر، ئاسـۆیەکی تازەتریـان لەبەر چـاوم کـردەوە، بەڵام دیاربوو، من بڕیـاری خـۆم دابـوو، تـا دوا قۆنـاغ بەڕێگای حزبایەتیدا بڕۆم و تاقیکردنەوە شیعرییەکەی خۆشـــمی لەســـەر دانـــێم. هەمـــوو برادەرەکـــانم کوردایەتییان دەکرد، هەریەکەیـان بەشـێوەیەک حزبـی بـــوون، بەڵام حزبـــایەتیکردنەکەی مـــن هەنـــدێک تــاکڕەوێتی و گیــانی وشــکایەتی لەگەڵــدا بــوو، بــۆیە ئەوان بەردەوام بـوون، بەڵام مـن هێشـتا سـاڵی ١٩٧٦ دەستی پێ نەکردبوو، شاعیرەکەی ناو دڵ و دەروونم دواهەناســـــەی دا، ڕاســــتە پێشــــتریش خــــووی حزبـایەتیکردن لەلای مـن زۆر زەقتـر بـوو، بەڵام هەر ئەو زەقییە وای کردبوو کەمتر بەرهەمی بڵاوکراوەی شــیعریم هەبێــت و زۆرجــار نووســینی ڕەخنەیــی و ئەدەبــی و سیاســیش بنووســم. بگــرە وای کردبــوو کەمتــر خولیــای پاراســتن و چــاپکردنی شــیعرەکانم هەبێت. بەو واتـایە دەتـوانم بڵـێم شـیعر لای مـن هەر

لەبنەڕەتەوە بەنیوەچڵی لەدایک بوو، کە لەدایک بوو حزبایەتی دەستی خستبووە بینەقاقایەوە، بۆیە زۆر نەژیا، بەڵام ئەوەندەم بەسە، (کەڵ ژیا). ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ تەوژمی میللەتەکەم ڕووم لە شاخ و ڕیزی پێشمەرگایەتی کرد، چوومە بنکەیەکی قیادەی مەرکەزی لە جیزانی سەرووی گەڵاڵە، چەند مانگێکم لەوێ بەسەربرد، هاوڕێی ڕۆژانەم برسێتی و کتێبی ستالین و کۆبوونەوە بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکۆکییەکی گەرم لەناخمدا دەجووڵایەوە لە نێوان دەماری شیعری و توخمی سیاسەت، حەزم بە ئیشی ناو نووسین و ڕۆژنامەنووسی بوو، هاتم داوای دەرفەتی کارم لە دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئێستاش لە بیرمە کەریم سنجاری لەو دەزگایە دایمەزراندم، ئەگەرچی پارتیش نەبووم. زۆری نەبرد شۆڕش نسکۆی هێنا، مینش لەگەڵ دەیان نووسەر و سەدان کادیر و هەزاران پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بووم، منیش سەر بەخێزانێکی هەولێریم، کەمتر سەر و سەودایان لەگەڵ پێشمەرگایەتی و سیاسەتدا هەبووە. باوکم و دایکم و خوشک و براکانم لە هەولێر دوای نسکۆ زۆر سەر و سۆراغی منیان کردبوو، باوکم، دوای چەندین ساڵ لە بێ خەبەری، کە دیمەوە زوو پێی گوتم: دەمزانی ئەو

دەستدانە شیعرەت ماڵوێرانی بەدواوەیە، لە راستیدا، ئەو گوتەیەی باوکم دەربڕینێکی ساکاری ئەو ڕاستییە بوو، کە لەلای خۆشم لەو سەردەمە خنکاوەدا بەئایدیۆلۆژیا ڕوون بوو، دەربڕی ئەوەی کە شیعر هەڵوێستی سیاسییە، شیعر تێکۆشان و خەباتی سیاسییە، وەک جەلالی میرزا کەریم لە شیعرێکیدا گوتوویەتی: شیعر: تەقینەوەی زامە، شیعر: هەڵسانی شەقامە، کاتێک نسکۆ هات پانتایی شیعر لای من نسکۆی هێنابوو، سەرم هەڵگرت بەرەو ئێران. لەوێ سەرکردەی شەهید ئیدریس بارزانی یارمەتی دام گەیشتمە سووریا، لەوێوە چوومە لوبنان، گەڕامەوە دیمەشق، چوومە تورکیا، ئینجا بۆ ئەڵمانیا. لەو هەموو سەفەرە و دەربەدەرییەدا شیعر لە ناخمدا بەیەکجاری کۆتایی هاتبوو، لە بیرمە دوا پارچە شیعرم مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٥ لە باخچەیەکی شاری بەرلینی ڕۆژئاوا نووسی. ناونیشانەکەی (هەڵسانەوە) بوو، ئەو ڕووبارەی چەندین ساڵی تەمەنی خۆمم لە کەنارەکانیدا بەسەربردبوو، لەپڕ وشکهەڵگەڕا. دنیا وای لێ هاتبوو لە کونی دەرزی حزبایەتییەوە سەیرم دەکرد. ڕاستە، لەو هەموو گەڕان و سووڕانەمدا مشتەقوڕێکی قەلاتی هەولێرم لە ڕەگ و ڕیشەدا هەڵگرتبوو. ڕاستە، خەونم بە شەوانی

پــڕ ئەســتێرەی قەڵات دەدیــت و لەو دوورەوە گــوێم لــەژاوەژاوی نــاو کۆڵانەکــانی تەیــراوە و تەعجیــل و سـێتاقان بوو، بەڵام لە هەمـان کاتـدا ڕەشـەبایەکی پڕ نەفرەت و رقەبەرایەتی و غەریبییەکی بێ ڕۆح گیـانی دەهەژاندم. نەک شیعر، بگرە هەرچی هەست و نەست و سـۆزێکیش هەبـوو لە ناخمـدا خەریکـی وشـکبوون بـوو، ڕەنـگە ئەو تـاقیکردنەوە سـەخت و پـڕ پـێچ و پەنـایە بەرپرس بێت لەوەی، کە بۆ چەنـد سـاڵێک، لە ١٩٧٧ەوە تـــا ســــەرەتای نەوەتەکـــان، تــــوونێلە بۆشـــاییەکی گەورە لە تەمەنــم دروســـت بووبێــت. ڕاستە هیچ بیانووێک ئەو بۆشاییە ناشارێتەوە. بەڵام پێمـووایە حـاڵەتەکە هەر هـی مـن نییە، بگـرە بەشـێکی گرینگ لەوانەی هاوتەمەنی منن لەو بـڕگە زەمەنییەدا هەریەکە بەشـێوەیەک ئەو تەنگژەیـان دیـوە. دواتـر، کاتێـک کەوتـمە ئەورووپـا، دوای دەرمـانخواردکردنم لەلایەن بەعسەوە، هەستم کـرد بۆشـاییەکی قورسـتر و کوشــندەتر دەوروپشـــتی تەنیــوم. نە شــیعر، نە سیاســـەت، نە نیشــتیمان لە دەورم نەمـــاوە. ئەو چـاویلکەی مـن لە چـاوم کردبـوو، جیهـانی زۆر لـێ بچـووک کردبـوومەوە. ئەوە بـوو خـووم دایە کـاری ڕۆژنامەنووســی بە زمــانی عەرەبــی و کــوردی. لەو ڕێگـــایەوە هەوڵـــم دا پێســـتە وشـــکهەڵگەڕاوەکانی

پێشـووم فـڕێ بـدەم. خـۆم تـازە بکەمەوە، بگەڕێمەوە سـەر کارێزی میفتاح و سـەرلەنوێ بە ئەحمەدییەکەی قەلاتـی هەولێـر سـەر بـکەومەوە. ڕاسـتە. بەو تەمەنە، دوای ئەو هەمـوو نوشوسـتی و تەنگەتـاوی و بەزینە، دوای ئەو هەمـوو بەرد کرۆشـتن و خـۆ تەفـرەدان و ئەسـتێرە زوویرکـردنە، زەحـمەتە مـرۆ جێگـایەک بـۆ خـۆی لەژێـر چەتـری کوردسـتاندا بکـاتەوە. بەلام بـۆ یەکێکـی وەک مـن ڕەنـگە لە گـوین بێت، چـونکە هەر نەبێت ئەوەی کـردبێتم، وەک هەزارانـی وەک خـۆم، لە دڵسـۆزیمەوە بـۆ کـورد بـووە. ئەوە نییە شـیعرەکانم؟ ئەوە نیـیە تـاقیکردنەوە شـیعرییەکەم؟ ئەوە نیـیە ئەو سالانەی پێیان دەڵێم تەمەن؟

ئەوەی زۆرتـریش بـاوەڕم بەهیـوایەکی لەو جـۆرە خـۆش دەکـات ئەوەیە، کە دوای ئەو هەمـوو سـاڵە پـڕ هیلاکـی و ونبـوون و پەرتـەوازییە دێـم پشـت دەدەمە دیـواری بنەمـاڵەی بـارزانی. بەڵـێ دیـوار، چـونکە لەو هەمـوو سـاڵەدا هەرچییەکـی پشـتم پـێ دادان، غەیـری ئەو بنەماڵە شـکۆدارە نەبێت، هەمـووی هەر سـتارەی حەسیر بوون.

* * *

ئەوانەی سەرەوە چەند بیر و بۆچوونێکی کورت و سەرگوزشتەیەک بوون لەبارەی تاقیکردنەوەی شیعر و ژیانمەوە. حەزم دەکرد درێژتر بیاننووسم. دەوڵەمەندتر باسیان بکەم، فراوانتر بیانخەمە پێش چاوی خوێنەری خۆم. بەڵام دیارە هەر ئەوەندەم پێکرا. ڕاستتر ئەو چەند پارچە شیعرە ڕەنگە قسەی زۆرتر تەحەمول نەکەن.

بەهەرحاڵ لە کۆتایی ئەو قسانەمدا دەبێ سوپاسی بێ پایانم پێشکێش بە ئیسماعیل بەرزنجی بکەم، کە یارمەتییەکی زۆری دام لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو چەند پارچە شیعرە، هەروەها دەبێت سوپاسی بێ پایانی لێپرسراوی دەزگای ئاراس بەدران ئەحمەد حەبیب بکەم، کە زۆر هانی دام شیعرەکان کۆ بکەمەوە و لە دەزگاکەیدا بەچاپی بگەیەنم. بێگومان دەبێ لێرەدا سوپاسی کارمەندانی دەزگای ئاراسیش بکەم، کە هیلاکییان بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەند شیعرە کێشا.

٢٠٠٣/٨/٢٩

*** ڕۆژنامەی ستایل، ژمارە (٤- ٥) ٢٠٠٤.**

## بووکی ئاو

هۆ هەڵگری زێی بادینان
لەسەر ئەستۆ
جوێبارێ ئاو.
هۆ
ئەی چاوگەی گەرم
هۆ بووکی ئاو!
هەڵوەرینە شەوی قووڵی گلێنەی چاو.
هۆ بووکی ئاو!
بەندیان کردم
بەتێهەڵدان بۆ وڵاتی گریان بردم
تا ماسوولکەم هەموو شکا.
خوێنی دڵم

دڵۆپ دڵۆپ مەیی، تکا.
هاتە قرچە دڵ و هەناو
بۆ قومێ ئاو.
هۆ بووکی ئاو، هۆ بووکی ئاو!
چاوگەی ئاوت وا لە دەستا
ئەتۆش ئێستا
کەچی سارێژ ناکەی زامی دڵی تینوو!
تەڕی ناکەی قوڕگی بۆ ئاو دەرەز بردوو!
هۆ بووکی ئاو!
دە زووکە دەی
مەڵبەندی ئاخ
لە دەروونما لەوپەڕی ناخ
وێران کە دەی
بمخە ناو دەریای بێ قەراخ
بووکی ئاوی مەینەت نەدیو،
ئازار نەدیو،
نەقرچەی داخ
بۆ هەڵوەرێ لە سنگما
قل قلە موو؟
مووی گەنجیەتی تازە دەرچوو!

بۆ لە گۆڕەی بەیانما
سەر دەربخا
شەوی بەدخوو
بۆ بووکی ئاو؟
هۆ بووکی ئاو!

*** گۆڤاری نۆبەرە، ژمارە (١) ١٩٧٠.**

## وام ئەوێ

نامەوێ
چاوەکانت لە چاوی قرِژاڵ بچێ
یا، قژت تاڤگەیەکی شەورِژێن بێ!
یا، ڕوومەتت سێوێکی بەرگ ئاڵی پڕ بەدەمم بێ!
ئەوەی من ئەمەوێ،
چاوەکانت ببێتە ئاوێنەیەکی ڕووت
خۆمی تیا بدۆزمەوە!
تاڤگەی شەورِژێنی قژت
تاسەی ئاسۆیەکی ڕازاوەی بەخۆری ئازادی
لە ناخی دەروونما بێنێتە لەرزە!
ڕوومەتت
وێنەی ئەو ڕۆژەی تیا ببینم، کە بە کامیرای
تفەنگ ئەیکێشین!

* * *

یارێکی بەرگ خاکیم ئەوێ
بە شەو.. لەبەر تریفەی مانگەشەوا
بە ڕۆژ.. لەژێر تیشکی ڕۆژا
بەیەکەوە کۆڕ ببەستین و بگرییێین!
جۆگەی فرمێسکی خوێنینمان بگەیێنین بەجۆگەلەکانی
ڤێتنام، کەمبۆدیا، فەڵەستین، مۆزەمبیق!
نامەکانمان بدەینە دەنووکی کەو.
دیارییەکانمان
پەنجەی پەلدار و پارچەی بارووت بێ!

* * *

ئەوەی من ئەمەوێ
بەرزە.. وەکو بیروباوەڕی پێشمەرگەیەکی ناو سەنگەر.
وەکو ناوچەوانی کچ و کوڕێک، کە بە ئارەقە و خوێن
تەڕبووبێ
وەکو گەردنی جیهانی چوونە ناو مانگ!

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٦) ١٩٧٠/١١/٢١.**

## سەوڵی حەوت دەریا

ئێمەی سەوڵی ماندوو نەبوو، لە حەوت دەریا.
ئەڕۆین بەرەو کەنارێکی تازە بەهار
ئێمەین چۆڕێ خوێنی بازووی هەموو دنیا
ئێمەین وەستای ژیانی بێ نووزەی ئازار.

* * *

ئێمەین خۆری یاخیبوون لە پابەندی شەو
گڕمان ژەنگی چاوی مێژووی بەزۆر لابرد!
ئێمەین زەنگی ڕاپەڕین و کۆتایی خەو
ئێمەین شاخ و لوولەی تفەنگ هاواری کورد
ئێمەین کەوا لە قووڵایی زەمین نێژراین،
بەڵام وزەی ژیانمان تێدا هەرگیز نەمرد
هەر ئەوانەین لە باتی ئاو خوێن ڕێژراین
ئێمەین ڕۆڵەی سەدەی بیست و یەکەمی کورد.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٣) ١٩٧٠/١٠/٣١.**

## باوەشم دە

دڵ ئەشکەوتی دەرگا بزر.
باوەشم دە..
لەچاومایە فرمێسکی کەو.
لەگیانمایە سۆزی کۆتر.
باوەشم دە..
تاڤگەی قژت بڕژێنە ڕووم.
با خەرمانەی نەرمی بەفر
لە شەودا بۆم بێ بە پێخەف.
باوەشم دە..
بۆ قەندیلەی فتیل کزر.
بۆ ئاسمانی دەم پڕ لە کەف.
منم هەتاو. منم ئاگر
باوەشم دە..
منم هەتاو
منم ئاگر.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥٢) ١٩٧١/١/٢.**

## سێ بڕگە: خەمی یاخیبوو

١

خۆشەویستیم ئەکەمە تۆپەڵە ڕقێ
ئەینێمە ناو پەرژینی وشکەڵی گیانت،
ئەتوێمەوە
لە دەریای ئارەقە و خوێنی چەوساوەکان
تا ئەتەقێ!
تا هاڵاوی ئەبێتە خۆرێکی چاوسوور
لە گەردەنی ئەم شەوە بێ ئامانەدا ڕەق ئەچەقێ
ئەوسا گیانە تاسەی لێوی تینووم بۆ ماچ
چون ماکی داربەڕوو
کێوی دەروون پڕ بوڕکان ئەمژێ،
ئاوا بۆ ناو کوورەی گیانت بەگوڕ ئەڕژێ.

٢

تا چاوی ئەم هەورە کڕە
بە پەلوپۆی بارانبڕە
هێلانە بێت.
چرۆی گەشەی ناوچەوانی هەژارەکان
تانەی ڕەشی ئەم ژانە بێت،
تا دووپشکی چزوو سێ سەر
چزووی لەناو زستانی گیانمانا سڕە
دڵم لوولەی تفەنگێکی یاخیبووە
بەمووچڕکی ئازاری ڕەش، دەروون پڕە
سوێی برینی چاوی مێژووم سارێژ دەکات
وشەم هەرەسهێنانێکی چیای گڕە
تیشکی گەرم بۆ ناو دڵی سەهۆڵی سەر چەکوشەکەی
کاوە ئەبات!

٣

گیانە کاتێ
لەناو دەریای حەزی گیانی یەکتریدا
سەوڵی گەشتی ئاگاییمان
هەرچەند ئەکات نامانگاتێ،
ڕێبواری ناو دڵم ئەگری

دەپرسێ لێم
بۆ هەنگاوی تینوویێتیمان لە بیابانی بزریدا
تەنها مشتەخۆڵی سووتاومان ئەداتێ؟
ڕائەچڵەکێم!
گیانە لە تابووتی چاوتا ڕائەچڵەکێم!

*** بڵاوکراوەی ڕوانگە، ژمارە (٢) ١٩٧١.**

## ڕاکردن بەرەو هەتاوە سوورەکە

گیانە هۆشی شەوگاری  مات
لە ناسۆری ئێمە ناگات.
گریان لەناو گلێنەکەی بێهوودەیە
لە ئازاری گیانی ئێمە ناگات.

* * *

گیانە ئێمە شێتی ماچی لێوی ڕۆژین،
داربەڕووی سەر کێوی دۆژین،
دە هەڵتووتێ لە باوەشی ئەم شەوگارە
تا کەی چەوی وەڕسی لەناو دڵ بکرۆژین؟
باوەڕ، ڕووبارە بەفرێکە قاچی سوورە
بۆ تینووێتی هەتاوی خۆشەویستیمان
گەڵای سەوزی ناوچەوانی ڕێگای دوورە.
بۆ ئارەقەی ڕۆڵەی کاروانی سەربەستیمان.

* * *

دە هەڵتووتێ، دە هەڵتووتێ
تا کەی لێوی گەشمان لەناو
لێوی سەهۆڵا بسووتێ؟

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢) ١٩٧١/٤/٣.**

## سروود

سرووديٚكم له هه‌گبه‌يه
گيانى سه‌وزى كوردستانه.
وشه‌كانى له كلّپه‌يه
ئاوازه‌كه‌ى بزه‌ى گه‌رمى
شه‌هيديٚكى به‌كيانه.
سرووده‌كه‌م
ڕيٚبواريٚكه بازوو ئاسن
ئه‌ستيٚره‌كان له چاوى ئه‌و
ئه‌ڕژيٚنه ڕووى ئاسمان به‌شه‌و
فريشته‌ى ناو ده‌رياى بىٚ بن
له گه‌رماييى باوه‌شيدا
ده‌ست ئه‌خاته ملى خه‌وتن

خۆر لەناو جەنگەڵی قژی
ملیۆنەها ساڵە ئەژی
سروودیکم لە هەگبەیە
گیانی سەوزی گشت جیهانە
وشەکانی لە کڵپەیە
ئاوازەکەی لە بلوێری دەم ژیانە.

*** گۆڤاری بەیان، ژمارە (٥) ١٩٧١.**

## له پێناوتا

گیانە، ئەی ئەو شۆخەی لە پێخەفی برژانگەکانتا
گیانی ماندووم پشوو ئەدا،
شەونمە گەرمەکانی سەر پەڕەی گوڵی کوڵمەکانت
بەشنەی زەردەخەنە
وشکیان کەرەوە
سەر بنێ سەر سنگی پەمۆینی فریشتەی خەو
بیر لەوە نەکەیتەوە
گوایە لە زستانی زیندانا
کام باوەشی گەرم ئەملاوێنێتەوە.
یا لە شەستەی بارانی گولله و بارووتا
کام سنگی پتەو ئەبێتە قەڵغانم.
نا گیانە نا
بۆ دواڕۆژم چاو نەخرێتە گۆمی گریان
لە سایەی گلێنە کزەکانتەوەیە
سواری کێو بووم،
مێخی ڕێگای تاریک و تەنگ ئەهاڕم

هەتا سەرلەنوێ لە ئاسمانەکەمانا
بکەونە سەما.
لە سایەی لێوەکانتەوەیە
لوولەی تفەنگی ئاگرپژێنم
کردۆتە ئەشکەوت
هەتا هەرمژێکی تەمەنێکی لاویم پێ ببەخشی!
لەسایەی تۆوەیە
دەریای ئارەقەی شین شەق ئەکەم
هەتا هەتاهەتایی بۆ من بیت.
ئای خۆزگە ئەو تەزووەی لە گیانمایە،
تۆزقاڵێک لە گیانی تۆدا ئەبوو
تا بتزانیایە
ئاسن چ مۆمێکی نەرمە
لە بەردەم ئاگری بیروباوەڕدا.

* * *

باوەڕت بێ ئارامی دڵ
بەیداخی سەرکەوتن لە سنگما ئەچەقێنم،
جا ئەگەڕێمەوە بۆت

چونکە ئەو سروودەی لە هەگبەکەمایە
گیانی نەمری کوردستانە
ئاوازەکەی بزەی تێکەڵ بەخوێن بووی
شەهیدێکی بیروباوەڕە
دڵنیاش بە نابەزم هەتا لە خەرمانەی خۆردا
چەپکە تیشکێکی گەشت بۆ نەهێنم.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٠) ١٩٧١/٨/٢٨.**

## لەدایکبوونی هۆنراوە

کە هۆنراوەم لەدایک ئەبێت
لاپەڕەکانی خۆ لوول ئەدەن
کە هۆنراوەم لەدایک ئەبێت
گەڵای ماندووی قژی درەخت
لەتاو نرکەی وشەی یاخی
پەنا بۆ گەردەلوول ئەبەن.
خۆشەویستم
هەرچی ساتێ
کە هۆنراوەم لەدایک ئەبێت
وشەکانم چەپکێ هەتاو
لە گەردەنی ئەیلوول ئەدەن.

* * *

هەنگاوی زۆر وشەی سواو
لە تینوویێتیی بیابانی ناو گیانما
توانەوە.
تا بارانی هەوری حوزەیرانی گەورەم
بۆ بهێنن.

گەڕانەوە.
پەلاسی خوێنینی یووسف بوو بە ئاڵا
لە سێبەری هۆنراوەیەکی چاو ماندووی
کرچ و کاڵا گەڕانەوە.
* * *
خۆشەویستم
با قوڵنگی هەنگاوەکان
دڵی ڕێگای دوور بکێڵن بۆ موغانێ
بێت لە ژانی چەوساوەکان
لە ئارەقەی ڕووی مێژووا
مەست بێ و بڵێ: ئاهرومەزدای بزر... کوانێ؟
بێت فرمێسکی شەهیدە بێ گۆڕەکانمان بخواتەوە.
بڵێ: هانێ
گیانی زەردەشت هات بنووسی
بۆ کورد گاتای چارەنووسی.
* * *
کە هۆنراوەم لەدایک ئەبێت
لە کڵێسای ژان و ڕق و یاخیبوونا
عیسا خاچی سنگی مێژوو ئەدۆڕێنێ.
خۆشەویستم

که هۆنراوەم لەدایک ئەبێت
ئەیووبی ناو گیانم هەموو
دڕکی سەبر و چاوەڕوانی
بەئاگری سوێی زامێکا ئەسووتێنێ.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٦) ١٩٧١/٧/٢٦.**

## دوو پارچە هۆنراوە

١

من ئەو ڕۆژە ئەڵێم هانیَ خۆشەویستی
بەئاگری ماچێکی هار
دڵی برسیم تێر بکرۆژە.
کاتیَ ڕقی ئەم ئاسۆیە بیَ هەتاوە
لە چاوی چەپکە مێلاقەی شاخەکانا
باروت ڕوا
کەمەربەندی بەهارێکی سوور گەشاوە
لە کەمەری ساڵنامەی سەر عەرشی خوا
کاتیَ پەنجەی هۆشی منە
قژی ئەو مناڵە کوردە شانە ئەکات
کە ناسۆری مێژوویەکی لە گەردنە.
پێشی ئەڵیَ: ڕۆڵە لامان

خۆر لە کەلی تفەنگێکی سوورا هەڵات
تا ئەو ڕۆژە
برینی عەزرەتی تەمەن ئەمخواتەوە
تا ئەو ڕۆژە
بێشکەی ژانی ئێجگار تینوو
بۆ قومێ ئاو ئەمهێنێت و ئەمباتەوە.

**٢**

لەپاش ئەوەی خولگەی سەعات
مێژووی ئێشی زەردەشتی بۆ گێڕامەوە
لەپاش ئەوەی
لە ڕووباری ئارەقەی یاخیبوونما توامەوە.
لەپاش ئەوەی
لە گەشتێکی ناو گریانی چەوساوەکان گەڕامەوە.
زانیم، زانیم
چاوی تفەنگ ئاسمانێکی بێ سنوورە.
کوردستانیش
کاتێ گڕی نەورۆزی ساڵ قووتی ئەدات
گوللەیەکی قەوان سوورە.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٥) ١٩٧١/١٠/٢.**

## دەنگی خوێن

گەورەکانم!
نۆ ساڵ چرای زامی پێشمەرگەمان پێ کرد
نۆ ساڵ لە چاوی مناڵا
میهرەجانی خوێنمان چێ کرد،
نۆ ساڵ لە ڕێگای تفەنگا
بارگەی شەهیدمان بەڕێ کرد،
کەچی نۆ ساڵ، دڵی شیعر
ئاگردانێک بوو بێ ئاگر.
لەسەر سنگی مەم و زینا
سیزیفێک بوو بێ تاشەبەرد
لەسەر لووتکەی زامی سەدەی بیستەمینا
کەچی نۆ ساڵ سنگی دەفتەر
لەلای ئێمە نەبووە سەنگەر،
کەچی هێشتا نەمانزانی
جێگای وشەی ئاگردانە،
نەمانزانی بەرزیی شیعر

وەک پێشمەرگە
لە گرتنە
لە کوژرانە!

* * *

گەورەکانم!
بڕوای بیری نوێخوازی هۆنراوەکانم
مشتەخۆڵی سەنگەرێکیان
بۆ گوڵدانی پێشمەرگەکانتان هێناوە،
بانگی پێغەمبەرێکیان بۆ مزگەوتەکانتان هێناوە،
تەقینەوەی کانییەکیان
بۆ تینوێتیی تفەنگەکانتان هێناوە!

* * *

گەورەکانم!
وشەکانم هاتوون بەپێپیلکەی دەنگی
مردووتانەوە هەڵگەڕێن.
بەمیکرەفۆنەکان بڵێن:
واز بێنن با شەهیدەکان
لە تاڤگەی بابەگوڕگوڕا
قومێ ئاگر بخۆنەوە.
واز بێنن با هۆنراوەکان

لە جۆگەلەی دەورەی گۆڕی (بەرزنجی)یدا
ژەنگی چاویان بشۆنەوە
واز بێنن با بیری وشەی بووراوەمان
لەناو مێشکی جەنگاوەرا
مەزدەیەک بێ.
واز بێنن با چاوی وشەی بووراوەمان
لە سووچێکی ناو سەنگەردا
گڕی ئاتەشگەدەیەک بێ.
واز بێنن با حاجی قادر
گۆڕستانی ئەبوو ئەیووبی ئەنساری هەڵتەکێنێ.
واز بێنن با بوومەلەرزەی نەوەی نوێخواز
ناخی چیای بێدەنگیمان ڕاچڵەکێنێ!

*** بڵاوکراوەی ڕوانگە، ژمارە (٣) ١٩٧٢.**

## چەند وانەیەکی سوور

١

منداڵەکان! شاعیرێ هات
ویستی لە دەرگای عاتیفەی ئێوە بدات.
ویستی ژەنگی شمشاڵەکەی
لە ڕووباری چاوتان بشوات.
ویستی ڕەشماڵی دووکەڵی گۆشەگیری
لە ئاسمانی بیرتان ڕاخات.

٢

منداڵەکان!
گەر ئەمجارە مامۆستا هات
لە سێبەری ئێوەی پاکا
حەسیری ماندووبوون ڕاخات
پەنجەی یاخیبوون هەڵبڕن
بە مامۆستای بیر نەخۆشتان

بڵێن: ڕەگی فەلسەفەی کورد
لە تفەنگا داکوتراوە
بڵێن: دڵۆپە ئارەقەی چەوساوەکان
بۆ شەوگاری کورد هەتاوە.

٣

مناڵەکان!
ئەو دەنگە ناسازەی بیستتان
نرکەنرکی ماندووبوونی ڕێبوارێ بوو،
وڕێنەی دەم گرانەتای بێزارێ بوو،
لە بازاڕی مامەڵەی کوردایەتیدا
قیژەقیژی عەتارێ بوو.

٤

مناڵەکان!
هێشتا زامی سنگی زەردەشت ئاگردانە.
هێشتا چاوی چوارچرا پڕ لە گریانە.
هێشتا دڵی ئاگری داغ لە هەڵچوونە.
هێشتا هەڕەتی بەهارمان حوزەیرانە
مناڵەکان! ئێستاش ڕووبار، بناری چیا،
گەڵای تینووی ناو چاوی باغ

که بەفراوی نەورۆزی ساڵ ئەخۆنەوە هاوار ئەکەن
(مەئموون دەباغ، مەئموون دەباغ، مەئموون دەباغ.)
کەواتە بۆ؟ لەوەتەی هەین!
بێ فەلسەفەین؟
درۆ لەگەڵ خۆمان ئەکەین؟

٥

منداڵەکان! ئێمە تەنها کاروانێ نین
بەسەوڵی ڕووناکی باوەڕ
دڵی تاریکاییی جیهان شەقار ئەکەین.
ئێمە تەنها گەروویێ نین
لەناو گۆڕی بێدەنگیدا هاوار ئەکەین.
ئێمە و ئاسیا
ئێمە و لاتین
ئێمە و پێشمەرگەی ئەفریقیا
بەسەر پردی تفەنگ ئەوڕۆین
میدالیای ڕزگاریی مرۆڤ
بەگەردنی بەهار ئەکەین.

٦

منالّەکان!
لە ئاوێنەی گۆمی خوێنا
لە تەمی جەنگی سنگی شەهیدی بێ سەروشوێنا
ئێوەم بینی
تاڤگەی هەتاو ئەخۆنەوە
ئێوەم بینی
بەتیزابی دڵی ڕاستی
باڵای درۆ ئەشۆنەوە.

**تێبینی:**
وەڵامی شیعری: (دوازدە وانە بۆ منالّان)ی عەبدوڵڵا پەشێوە.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (تایبەت) ١٩٧٢/١/١.**

## زامێکی بێدار لە سێبەری چەقۆدا

- بنوو ڕۆڵە
زەمین یەکپارچە سەهۆڵە.
با نووستووە
ڕووبار پێڵووی داخستووە.
شەو سەرمایە
بنوو ڕۆڵە
لەم شارەدا تەنیا مەرگ خەوی نایە.
- خەوم نایە
- بنوو ئەی حەبیبی نەجاڕ
خودا یەکە و دەرگای هەزار
- خەوم نایە
- بنوو ڕۆڵە
هەرچی بۆنی هەتاو هەیە

لە قژی ئاسۆی سووتاوی ئێمە نایە.
– پەڵە خوێنێکم هەڵگەڕاو لەڕەوتی زام
تا گشت چەقۆی دنیا نەنوێ
زامەکانیش نەکرێنەوە.
وەک گوڵدانێکی ئاگرین
گوڵی سووریان تیا نەڕوێ
خەوم نایە.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٢٧) ١٩٧٢/٧/٢٩.**

## شۆڕەسوارێکی عاشق

شۆڕەسوارێ،
ئێوارەیەکیان لە پشتی
گەردەلوولێکی تیژەوە هاتە خوارێ،
سەری نایە ناو بێدەنگیی زامەکانمان
ماچی کردین:
(هاوڕێکانم!
شەو درەنگە و ڕەشەبایە
لە ڕێکانا کلۆکلۆ بەفر ئەبارێ
دڵدارەکەم مناڵکارە
وا دیارە، گەر ڕایەخی خوێنی بۆ ڕانەخەم نایە.)

* * *

شۆڕەسوارێ،
زامەکانی لە سەرەڕێی چەقۆکانا بڵاوە بوو
مەرگ بەیداخی بوو لەسەر ناوچەوانیا
شەکاوە بوو،

نیوە شەوێکیان لە دەرگای سەهۆڵبەندانی شارەکەما
هاتە خوارێ،
(هاوڕێکانم
ئەوەی عاشقی هەتاو بێ
هەموو دنیاشی لێ بکەن بەنیوەشەو
خەوی نایە.)
شۆڕەسوارێ،
عەشقی مەمانی هەتاو بوو
شۆڕەسوارێ،
(یاسین)ی ناو بوو.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٣٦) ١٩٧٢/٩/٣٠.**

## له پەراوێزەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە

* وشەم پەنجەی گڕ و بارووت
ئەنێتە ناو چاوی تاوان!
هێڵی ژیانی سنوورەکانم ڕەت ئەکا،
وشەم لە سێبەری دەرگای درۆ و فێڵا.
نایەتە سەر چۆکی گریان،
ڕەشەبای خوێن.
لەناو زامە بێ دەنگەکانما هەڵ ئەکا!
* کۆچەرێ بووم، لە هەر کوێدا
ڕەشماڵی ژانی خۆم هەڵدا.
خەمی کام پارچە زەمینم،
بۆ برسێتی شمشاڵەکەم.
ئەکردە نان،
ئەمدی وەکو ئاسمانە بێ ساماڵەکەم
وەک کوردستان،
یەک خەنجەر بوو
ڕەگی زامەکانی ئەبڕی،

یەک -حەمەی وەستا فەتاح- ڕقی ئەفرۆشت
هەر یەک شێخ ڕەزاش بوو، پەردەی
ئەم شانۆگەریانەی ئەدڕی!
* کە هۆنراوەم لە دایک ئەبێت،
دوومەڵە گڕگرتووەکانی ژێر زمانم
ئەتەقنەوە!
عەورەتەکانی لەشی شار.
لە گەرماوی وشەکانما ڕووت ئەبنەوە!
شاعیرەکان.
ئارەقەی کێش و قافیەی پیرە شیعرێ ئەخۆنەوە.
جوانکیلەکان.
هەڵئەگژێنە گەردنی سنووری شار،
لە ڕووباری یاخیبوونا.
دەموچاویان ئەشۆنەوە!
* تێر نابم نا.
ڕەگی درەختی هەڵبەستم
چەکی تۆقێنەری دەستم.
برسێتیمە!

*** ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٧) ١٩٧٠/٧/٧.**

## بەشێکی تر لە پەراوێزەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**١-** گەر ئەتانەوێ بمکوژن
بڕۆن هەتاوی ناو چاوی مناڵەکان
دەربهێنن.
مەهێڵن سنگی ئافرەتان مەمک بگرێ،
بڕۆن ئاوی ڕووبارەکان بسووتێنن،
گەر ئەتانەوێ بمکوژن!
بڕۆن هەرچی هەوا هەیە هەڵیمژن!
جا ئەمکوژن!
**٢-** چیت هێناوە؟
مامە ڕەزا!
بۆ ژیانی ئەم شارە شەهیدکراوە.
چیت هێناوە؟

ڕۆڵەکانم!
ڕەگ و ڕیشەی درەخت کاتێ
مل بەرەو تاریکستانی زەوی ئەنێ
چ بۆ لقوپۆپ ئەهێنێ؟
بەفر کاتێ
سپێتیی خۆی بە با ئەدا
چ بۆ جۆگە و گوڵ ئەهێنێ؟
بۆم هێناوە.
- چیت هێناوە؟
مامە ڕەزا!
بۆ ژیانی ئەم شارە شەهیدکراوە
چیت هێناوە؟
ڕۆڵەکانم!
مەرگی خۆمم بۆ هێناوە!
٣- تەواو نابم نابڕێمەوە
من (داستانی مەرگ و ژیان)ی ئەم شارەم
لەسەر تاشەبەرددا خۆمم هەڵکەندووە.
تەواو نابم،
کەی خوێنی فەرهاد لە ماچی لێوی بێستوون
تەواو بووە؟

کەی گوڵەحاجیلە لە عەشقی دەشتی هاموون
تەواو بووە؟
تەواو نابم،
من داستانی مەرگ و ژیانی ئەم شارەم!
حەمەی وەستا فەتاح- ەکان!
من شێخ رەزام
تەواو نابم، نابڕێمەوە!

*** گۆڤاری بۆ پێشەوە، ژمارە (٢) ١٩٧٢.**

## چەند نامەیەکی نەناردراو

١- کچە هاوڕێم
وەک چۆن پەنجەی پێشمەرگە، ڕۆژ بەگەردنی
شاخا ئەکات،
ئەمەوێ بێم
ببم بەگەردانە، زەڕکەفتی تا بلێی سوور
لە قۆزاخەی بەفری سنگتا، ئاگر بڕژێم.

* * *

کچە هاوڕێم
کاتێ لە وەرزی بەردەمما
شەتلە ڕەیحانەی سەوز ئەڕوێ
دێم پێت بلێم
لە تووڕەییتا تووڕەیی، گوندی پێشمەرگەم ئەبینم
خۆشم ئەوێ
لە بێدەنگیتا بێدەنگیی گوندی پێشمەرگەم ئەبینم
بەڵام هێشتا باڵی مەبەست، لە ئاسمانی ناخا نافڕێ
دەمکوت ئەکرێم.

* * *

کچە هاوڕێم
تەنیا چوار یاساوڵ نین
نایەڵن چی لە دڵمایە، پێتی بڵێم
**٢-** کچە هاوڕێم
زۆر دەمێکە سنگی حەبیبەی چاوەڕێ
بازاڕی ڕق فرۆشتنە.
مناڵ، هێلانە هێلانە
بەدوای کۆتری گەڕانەوەی نالیی بزر
(سەفین)ی ئاگر ئەگەڕێ.

* * *

زۆر دەمێکە
وەک حەزی ناو چاوت تینووین
بۆ بەهارێ
وەکو دنیای بێدەنگی هەناوت تینووین
بۆ هاوارێ.

* * *

کچە هاوڕێم
ئێستا قژی ئاسمان تاڤگەی نێرگزی زەرد ئەپڕژێنێ
ئێستا مەودای چاوەکانمان مەنگ ئەچنەوە
بەڵام بەهار

له باوەشی ڕێگای قووچا هەنگاوی خدری زیندووه
هێشتا بەهار، ڕێبوارێکه
دوور له خۆری چاوەکانت، پاڵ کەوتووه.
* * *
هێشتا زستان گەرووی تینووی خەنجەرێکه
خوێنی چاوی چیاکانمان ئەخواتەوه
هێشتا ئاگردانی برسی، سەنگەرێکه
به مشتەخۆڵی سووتاوی
به ئاگری ناو هەناوی
سنگی تەڕی شەهیدەکان ئەشواتەوه.
٣- کچه هاوڕێم
له پاشماوەی سپیلکەی چاوی ڕژاوتا
لەناو سکی چیای خەم و پەژارەمان
لەناو ئەو ڕقه هارەمان
له سایەی مەمکی برژاوتا
لەناو گڕا، لەناو بڵقا
مرۆڤی پێشمەرگه خولْقا
ئەی کەی ئەبێ له بلوێره ئێسقانییەکان
حەیران ی شۆڕش دەرپەڕێ.
* * *

کچە هاوڕێم
ئەی کەی ئەبێ،
هۆنراوەیەکت بۆ بڵێم
لەناو گڕی لاپەڕە سووتاوەکانیا
وشەی پێشمەرگە هەڵپەڕێ؟
٤- کچە هاوڕێم
برسییەکانی شاری برسیم خۆشیان ئەوێی
گەرەکیانە لەناو لەپی هەژاریدا
لەتێ نانی گەنم بڕوێ.
تینووەکانی شاری تینووم، خۆشیان ئەوێی.
گەرەکیانە لە بیابانی تینوێتیدا،
ڕووبارێکی سارد هەڵقوڵێ.
سواڵکەرانی شاری نووستووم
لە سێبەری مزگەوتێکی بێ منارە،
خۆشیان ئەوێی.
گەرەکیانە لە گەردنی تەمەنیانا
مەدالیای ڕۆژێکی تازەی گەش بسرەوێ
بۆیە منیش
لە کێڵگەی دڕکەزیی چاوتا، هەنگاو ئەنێم
تا لە ناخی چاوەکانتا

بۆ ناخی زامەکانی خۆم
ناخی زامی سواڵکەرەکان
ناخی زامی برسییەکان
ناخی زامی تینووەکان
تاڤگەی خوێاوی تاڵ بڕژێم.

*** گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٥) ١٩٧٢.**

## مەم لەسەر مەزاری زیندا

- ئەی زین.. سەرچاوەی ئاگر،
گەر پەرچەمت.. نسار نەکا،
گەر مەمەکانی تۆ نەڕوێ،
گەر خۆر لە چاوەکانتەوە دەرنەکەوێ،
نەورۆز نایە.
ئەی زین.. ئەی سەرچاوەی ئاگر،
هاتنی نەورۆزی  بۆتان
لە هەڵقوڵانی تۆ دایە!
* کە دێمەوە.
- ئەترسم خاک هەڵتلووشێ.
نەیەیتەوە،
مەترسە، خاک.
کە ڕۆژ دادێ ئەمکاتە گوڵ
لە بەرۆکی زێڕینی هەتاوم ئەدا،
کە شەو دادێ
هۆن هۆن لە گۆمی ئەشقی پاک
ئاوم ئەدا،

* که دێمەوە؟
- لە دەمی برسێتی شارا
ئەتکەین بە نان،
که دێیتەوە.
لە تینووێتی گوڵەگەنما
ئەتکەین بە بارینی باران،
* که دێمەوە؟
که وەک دەرگایەکی سەوز
لە دیواری چاوەکانتا ئەکرێمەوە.
- سەرلەنوێ ئەحمەدی خانی
بە ئاوازێکی گەرمتر
لە دەمی خۆری مرۆڤا.
ئەمانکاتەوە گۆرانی!

*** ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٤) ١٩٧٢/٨/٢٤.**

## كە فەرهاد ئەدوێ

شیرین منە،
منیش نە مەرگم.. نە ژیانم،
نە دروستبوونم.. نە ڕووخانم،
من شیرینم،
شیرینیش وەک چەپکی هەتاو
کە ئەیگرن نایەتە دەست.
کاتێ بەڕەڵڵاشی ئەکەن
لە لەپی دەست نابێتەوە.

* * *

دەنگ.. دەنگدانەوەی خۆی هەیە!
ڕەنگ.. ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە!
شیرین.. فەرهادی خۆی هەیە!
فەرهاد.. شیرینی خۆی هەیە.

*** گۆڤاری بەیان، ژمارە (٨) ١٩٧٣.**

## سووتانی خوێنێکی گەڕۆک

وەک فەرهادێ
قوڵنگم سواری ڕەشەبای زام کردووە،
بێستوونم داوەتە پشت و
(شیرین لە کوێی؟
کام گۆمی مەنگ قووتی داوی؟
کام غەریبی ڕێگای دڵت ئەشواتەوە؟
شیرین لە کوێی؟
کەی شیر و هەنگوینت بەناو
جۆگەلەکانی ئەم شارە ئەڕواتەوە؟)
وەک فەرهادێ،
وەک چۆڕە خوێنێکی گەڕۆک
برینی خۆم ون کردووە.
(شیرین لە کوێی؟
خەڵکی ئەم شارە لە زمانی خوێن تێ ناگەن!
خوێن بەسووتوو دائەپۆشن!
شیرین لەکوێی؟

کەی سواری جوانەماینی گەڕانەوەی
ئەستێرەی بەربەیان ئەبی؟
تا لە فەرهەنگی سنگتا
خەڵکی فێری ئەشق بێت و لە زمانی خوێن تێ بگا؟)
وەک فەرهادێ،
پڕ بەگەرووی قوڵنگەکان هاوار ئەکەم:
(شیرین لە کوێی؟
شیرین دادێ... دادێ... دادێ!)

*** گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٧) ١٩٧٣.**

## لە دەفتەری عاشقێکی هەتاوەوە

**١**

برسی هەرچەند برسیتربێ.
ئەوەند عەشقی گوڵەگەنم و باران ئەبێ،
شەوگار هەر چەند درێژتربێ.
ئەوەند غەریب شەیدای خۆری ئاسمان ئەبێ،
منیش هەر چەند کوشتن بە گیانم فێر ئەکەن
بەری هەتاوم لێ ئەگرن.
ئەوەند عەشقی ژیان ئەبم.
ئەوەند هەتاوم خۆش ئەوێ.

**٢**

ئەی ئەو پنجە گوڵەی لەبەر
جۆگەی خەمباری برینی مندا ئەڕوێی.
لەسای مەرگی مندا شکۆفە دەرئەکەی
تاکەی نەتوانم بلبلی عەشقخوانی دەنگی خوێنم
بێنمە سەر چڵت بێنم.
پڕ بە دەنووکی ئارەزووم
بۆ هێلانەی خۆر بخوێنم.

## ٣

- ڕێگا.. تەور

* گیانە درەخت چەند لقوپۆپی ببڕن.

ئەوەند ڕەگ و ڕیشەی بەرەو قووڵتر ئەڕوا،

- دنیا شەوە و دنیا بەفرە.

* شەوان خۆر خۆشەویست ئەبێ.

بەفرە ڕۆژیش.

برین ئەبێتە ئاگردان

- گیانە ڕێگا چاڵە و نزمە

* خۆشەویستم

عاشقی خۆر.. هەردەم ئەڕوانێتە ئاسمان.

*** ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە( ١٧٦) ١٩٧٣/٧/٢٠.**

## دەست

تۆ ئەو دەستەی
هەرکە کەوتم
لە خاک گیر ئەبیت و بەرزم ئەکەیتەوە،
ئەو هەڵبەستەی
شەوان دڵی خەفەتبارم ئەدەیتەوە،
خۆشم ئەوێیت.
خۆشم ئەوێیت و ئەزانم
بۆ کام ئەنجام ئەمهێنیت و ئەمبەیتەوە،
خۆشم ئەوێیت.
چونکە گیانە تۆ ئەو دەستەی هەرکە کەوتم
لە خاک گیر ئەبیت و بەرزم ئەکەیتەوە.

*** گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠) ١٩٧٤.**

## تۆ ئەو خاکەی منی جۆگە ئەخۆیتەوە و تێرت ئەکەم

تۆ چڵ ساڵە هەم دەردیت و هەم دەرمانیت،
تۆ چڵ ساڵە هەم خەنینی، هەم گریانی.
تۆ چڵ ساڵە لە دەریای بێ سەروشوێنما
هەم شەویت و هەم بەیانی،
ئاخ! ئەو داسەی لە بەینی هەردوو پێڵوومدا
چڵ ساڵە فێری هەڵپەڕکێ و شان بادانی.

* * *

فێرت کردم.
کە شەو تاربێ.
سواری تریفەی مانگ بم و بێمە ژوانت،
کە شەو سارد و تەزرەدار بێ
بێمە ناخی ئاگردانت،
فێرت کردم.
تۆ خاک بیت و منیش ئاوبم
بمخۆیتەوە و تێرت بکەم.

فێرت کردم.
لە ئاقاری مەرگی خۆما فێرە ڕاو بم
خۆم نێچیر و خۆیشم داو بم.
(ئێوە فەرهەنگێکی لەنگن
ناهێڵن فێری زمانی یارەکەم بم.
ئێوە چرا کوژانەوەی ئێوارەیەکی درەنگن
ناهێڵن شێوەی یارەکەم بناسمەوە.
بۆ ناهێڵن؟
بۆ نێوانی دڵی من و دڵی یارە نازدارەکەم
بەهەوجاڕی ڕق ئەکێڵن؟
بۆ بەغارغارێنی ئەسپی سەرشۆڕیتان
خوێن و خۆڵی ڕێی ئاواتی گەردنی یارم ئەشێلن؟
خێڵی شوومن!
تف لەبەر پێی خۆتان ئەکەن!
خێڵی شوومن
هەر لە دەریای تفی خۆتانا ئەخنکێن!)
* * *
گیانە کێ وەک من بەری پێت گوڵڕێژ ئەکا؟
کێ وەکو من ئەتباتە سەیرانی باخچەی بەرخوێنی خۆی؟

کێ وەکو من خەم ئەکاتە بەردەباز و تۆ بەسەریا بێیت و بڕۆی؟
گیانە کێ وەک من برینی خۆشەویستیت
بە هەتوانی مردنی خۆی سارێژ ئەکا؟
چڵ ساڵە وەک داوە خوێنی
بەلالێوی عێراقەوە دێمە خوارێ و ناگەمە خاک،
چڵ ساڵە وەک قومە ئاوێ
جۆگە دەمداتە دەست جۆگە و ناگەمە ڕووبارێکی پاک،
(بۆ ناهێڵن بگەمە خاک؟
بگەمە یار؟ بگەمە ڕووبارێکی پاک؟
بۆ ناهێڵن، بۆ، بۆ، بۆ؟)
تۆ ئەو چڵوپۆپ بڕینەی
ڕەگ و ڕیشەم قایم ئەکەی،
خۆشم ئەوێی
تۆ ئەو هەڵمەی لە خوێنمەوە هەڵدەستیت و
بەسەر دڵما نمەی بارانت دائەکەی،
خۆشم ئەوێی
(خێڵی شوومن
تف لەبەر پێی خۆتان ئەکەن

هەر لە دەریای تفی خۆشتانا ئەخنکێن!)
تۆیش ئەو خاکەی
منی جۆگە ئەخۆیتەوە و تێرت ئەکەم
تۆیش ئەو داسەی لە بەینی هەردوو پێڵووما
بە هەڵپەڕکێ و بەشان بادان فێرت ئەکەم،
خۆشم ئەوێی!

*** ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٢) ١٩٧٤/١/٢١.**

## هەڵسانەوە

بە هەندرێنی کورد بڵێن!
هەزارەها گوریسە خوێن بە تۆ ئەمانبەستێتەوە.
بە سیروانی دەربەدەری بیابان بڵێن
بۆ هەر کوێیەک فڕێت بدەن
هەزارەها سەرچاوەی ڕوون بە تۆ ئەمانگەیەنێتەوە.
بە هەندرێنی کورد بڵێن!
بە کێو و دەشت و دەر بڵێن
بە هەتاو و سێبەر بڵێن
بە تفەنگ و خەنجەر بڵێن!
بە کەلاوەی سەنگەر بڵێن!
ڕۆژێ دادێ
ڕەشەبا بەردەرکی سەرای سلێمانی ئەگرێتەوە.
رۆژێ دادێ

هەوری سووری شۆڕش ئەجمێ و
پێشمەرگە هەڵئەستێتەوە.
بەهەندرێنی کورد بڵێن!
قەت کێو بە کێو ناگا، بەڵام
ئێمە بە تۆ ئەگەینەوە.

*** گۆڤاری نووسەری کوردستان، ژمارە (٥) ١٩٨٢.**

## مەرەکەبی هۆنراوە

نووکی قەڵەم بخەرە ناو مەرەکەبی بیابانەوە
لەسەر گەڵای بەخوێن تەڕی درەختەکانا بنووسە:
ئەم زەمینە
کە هەر ئەڵێی لۆکەی تەڕی سەر برینە،
ئەوەندە بارانی مەرگی پیا باریوە.
ئەوەندە لافاوی خوێنی تیا هەڵساوە.
لە هەر لاوە
نووکی قەڵەم بخەینە ناو
دەشت و شاخ و خڕێ و بیابان و دەریاوە
تکەی خوێنی ئەم زەمینە
کە هەر ئەڵێی
لۆکەی تەڕی سەر برینە،
بۆمان ئەبێ بە مەرەکەبی هۆنراوە.

*** گۆڤاری نووسەری کوردستان، ژمارە (٥) ١٩٨٢.**

## ڕۆشنایی

ئـــەم دیوانـــە بـــە نـــاوی: (هەڵســـانەوە) دووجـــار بەناتەواوی چاپکراوە. چاپی یەکـەم دوازدە شـیعرە و ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە. چاپی دووەم بیسـت شـیعرە و ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە.

تەواوی ساڵی ٢٠٢٢ خۆم بۆ ئەوە تـەرخانکرد تـا بتـوانم دیوانەکـە بـە ئاسـتی شـایان پێشـکێش بکـەم. هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییانەم پشکنی، کە سـامی شـۆڕش لـەو مـاوە کورتـەی شـیعر نووسـینی، بەرهـەمەکانی تێدا بڵاوکردوونەتەوە، پاش ئەو هەشـت شیعرەی دوای چاپی یەکەم دۆزیبوومەوە و لە چـاپی دووەم زیـــادم کردبـــوون، پێـــنج شـــیعری تریشـــم دۆزییـــەوە. لـــەوە دڵنیـــابووم هـــیچ شـــیعرێکی لـــەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان جێنەماوە. هەموویانم هێناوەتـە نـــاو ئـــەو چاپـــەوە. هەمووشـــیانم لەگـــەڵ دەقـــی

بڵاوکـــــراوەی نـــــاو ڕۆژنامـــــە و گۆڤارەکـــــان بەراوردکردووە، لەو دوازدە شیعرەی چاپی یەکەم، هیچێکیـــان بـــێ هەڵـــە و دێـــڕ و کۆپلـــە پـــەڕیـــن نەنووسرابوونەوە. هەموویانم هێنایەوە دۆخی خۆیان و لە دڵەوە هەوڵم داوە ئەم چاپەیان بێ هەڵە و کەم و کورتی بگەیەنین.

**سەباح ڕەنجدەر**
**٢٠٢٣/١/٤ هەولێر**